# ژیــان
# بە سمێڵەوە

کارزان ڕەحمان

# ژیـان
# بە سمێڵەوە

## کارزان ڕەحمان


- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: محەمەد زاری
- پیتچنین: نووسەر
- بابەت: شیعر
- چاپ: یەکەم
- تیراژ: 1000 دانە
- نرخ 3000 هەزار دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانەگشتییەکان ژمارە (   )ـی ساڵی 2018ـی دراوەتێ.

# ژیــان
# بە سمێڵەوە

کارزان ڕەحمان

شیعر

2018

## تێبینی:

**سەرجەم شیعرەکان لەنێوان ساڵانی (2006 - 2012) نووسراون . چەند دانەیەکیان پێشتر بڵاوبوونەتەوە و بە پێویستم نەزانیون لەم کتێبەدا دایانبنێ. بەشێکی تریشیان، بە هۆکاری بابەتیی و تایبەتیی، پێشتر بڵاونەبوونەتەوە، ئێستا لەم کتێبەدا بۆ یەکەمجار بڵاودەبنەوە.**

**تەواو.**

# دوایین کۆڵان لە ژوورکەمدا

1

لە سەرەوە

چاوەڕێی کەس نیم

لە خوارەوە.

2

بەرد

بەرد

بەرد نا،

سێبەری دەجووڵێ.

3

سۆباکە پێکە

منداڵێ سەرمایەتی

لە وێنەکەدا.

4

کە مرۆڤ دەخنکێ:

ئەی ئاو

چەند دڵرەقی

چەند دڵرەقی.

5

بریا وەک تەبەقەیەک

هێلکە

بە تەنیا

ژیابام.

6

باڵندە ناخەمە نێو قەفەزەوە

بۆ ئەوەی هەروا بزانێ،

کە ئازادە.

7

دڵ

عەینەن ئاوێنەیەکی شکاو

بە دیوارەوە؛

ئەدی دڵ؟

8

کە جارێک

بە دەوری ژنێک خولامەوە

پیاوبوونم

لە کن عەیب بوو.

9

مەرەکان
بە چەند دەنکێک بەفر
دەچن.

10

خۆم دەکوژم
بەڵام دەبێ لە نزمترین باڵاخانە
خۆم فڕێ بدەم
تا زووتر بمرم.

11

دەنگێک لە ژێرەوە
هەڵبەز و دابەز دەکا؛

ئەلو؟

12

ژن: ماست

پیاو: ئاو

فێنکاییی هاوین

لە جامێک ماستاو دایە.

13

لەو کاتەوە

مەمک خڕە

کە حەوا

سێوی دزیوە.

14

کیژێک

ئاوی بەسەر خۆڵدا کرد

خۆڵ

بووە زەوییەکی چکۆڵە

نەک قوڕ.

15

لە ژێر باراندا

کەپووم وەک بەلوعەی

لێ هاتبوو.

خۆ غەڵەت نییە ئەم ڕستەیە؟

16

شەوان

مەرەکان وێک دێنەوە؛

وەک سەموون

وەک ئارد

پەرش و بڵاو دەبن

بە ڕۆژیش.

17

خۆم بینی

لە ئاوێنەدا

کەوتم.

# دوا دێڕ

قایشی پانتۆڵەکەم پسا
مەخلوقێک پێبوو

هەمان ڕۆژ
دیسان قایشی پانتۆلەکەم پسا
مەخلوقێک کوژایەوە

بەڵام ئەمجارە خەم دێتە گۆڕێ
جگەرەیەک پێکە
چاوەڕوان بە
تا بە دووکەڵی خۆی
دەکوژێتەوە

بەر لە نیوەشەو
دیسان دیسانیش قایشی
پانتۆڵەکەم پسا

(دوا دێڕی ئەم شیعرە
نانووسم.)

تەنیا دەنووسم:
نانووسرێ

نانووسرێ.

# Tnt

زۆر بە تەنیایی ڕاهاتم
زووش پیر بووم
تۆزوخۆڵی بێزاری
لەسەر پێڵاوەکانم نیشت
نەموێرا لەسەر پێستی وڵاخ دانیشم
جەنگ سپیی کردم
چا گەرمە
دەسەڵات گەرمە
برادەر گەرمە
دەرگە گەرمە

چا و دەسەڵات و برادەر و دەرگە گەرمن.

"یار"ی سەر بەخەنەش
وەک دەنکێک شقارتەیە.

من لە نێوان ئەم شتانە بەند کراوم.

زۆر بە تەنیایی راهاتم
زووش پیر بووم
تۆزوخۆڵی بێزاری
لەسەر پێڵاوەکانم نیشت
نەموێرا لەسەر پێستی وڵاخ دانیشم
جەنگ سپیی کردم.

دەست لە هەر شتێک دەدەم
دەمسوتێنێ.

ئەدی ئەم هەموو فشەفشەت

لە چییە:

ئینسان؟

# لە نزیك ڕەمزی نافیع

1

سبەینان

خۆر وەک هەنار

خۆی بە ئاسمان هەڵدەواسێ

کە شەو هات

بەردەبێتەوە.

2

باڵندەکان بە خۆرایی لە ئاسمان دەفرن

هەروا مەبەستەکانمان...

چاڵێک ماوەتەوە:

نەفەرێک نییە.

3

سەگێکی ون

ئێسقانێکی لێ بزر بووە

ئێسقان،

بە دوای تەرمی مندا دەگەڕێ

تەرمی من؛ بە دوای کێ؟

4

لە نێوان قامیشەکاندا

سەدەیەک trووکا

دیتم ڕووت بوو

پاش ئەمە

پێویستمان بە چوارچێوەیەک دەبێ.

5

من هیچ کاتێکم ناوێ

تەنها ئەم چزووانەم لێکەنەوە

سەرەمێکوتە دەبێژێ:
سورەتی یاسینم بۆ بخوێنن.

6

تاقەتم نییە
کەس بمناسێتەوە
وردیکەوە ئەو وشەیەی لە قوڵاییم
چەماوەتەوە
سێبەرم لە (رووبار) پرد
قافلەیەک
بەرێوەیە.

8

خۆ خۆم دەکوژم
بەڵام لە هەر کوێیەک خۆم فرێدەم
دەکەومەوە نێو مرۆڤەکان.

9

توووند پێ دەکێشم بەسەر زەوی دا
مردووەکان وە خەبەر دێنم...
(وابزانم ئەم شیعرە
بە من تەواو ناکرێت.)

10

ئەگەر کشانی جەستە
لە دوای نانخواردن ئاسایی بێ،
لە کاتی مەلەکردن زۆر ئاسایی ترە
تا رادەی هەموو مەلەوانگە.

11

پاییزم لە ئێوارە دا
مخابن
هەر گەڵا دەرچوو.

12

لە دیواری قەڵا
وێنەی کۆترێکم کێشا.
چاوەڕوانم نەدەکرد بفری
خۆی هەر نەدەبوایە بشفرێ
تەنانەت ئەگەر هاتبان بشیکوژن
هەر نەدەفری.

لە کاتێکدا،
گەردییەک پێی وایە:
هەموو ئەوانەی سواری فرۆکە دەبن،
دەبن بە کۆتر.

# نیوەی شیعرێك

5

دەنکێک حەب نا،

گوللەیەکم بدێ

ئاو؛ دەیتەقێنێ

لەنێو مندا تەرمێک دەنێژرێ

باس و خواستی زەمانە وایە ئیتر.

6

باس و خواستی زەمانە وایە ئیتر

من بەتەنیا

لەم دەوروبەرەدا

نان و شەراب دەخۆم و دەخۆمەوە
لەودیو قەمیسەکەمەوە
پەراسوەکانم دیارن
ماندووم
تومەز سوارچاک مردووە
هەست دەکەم بەرەو لووتکە دەڕۆم.

7

هەست دەکەم بەرەو لووتکە دەڕۆم
قادرمەیەکم پێویستە
بەم زووانە بە کارەسات دەگەم.

8

.

.

.

# قەوانی مردووان

تەماتە سوورە

هەمووومان ئەمە دەزانین.

سبەی

ئاشکرا دەبێ

چ شتێکی تر سوور بووە.

دەبا چاوەڕێ بکەین...

مەلهەکان

یانەکان

سینەماکان

چاوەڕوانی موفاجەئەیەکی وان

قەحبەکان

سەرخۆشەکان

دەسپەرچییەکان

چییان بەسەر دێ؟

سەدان ساڵ لەمەوبەر

ئەم شتانە گوتراون

ئەگەر شتی زۆر گرنگیش

لەم بارەیەوە بڵێی:

(تەماتە خوێنی مردووانە

لە جۆرکێکدا)

ئێ خۆ منیش...

وەک پارچەیەک

گۆشتی بن دەستی قەساب .

# بۆ ئیـڤـان
# یان هەر کەسێکی تر

1

کە وێنەکەتم بینی

سێبەرم تا ئەوبەری شار چوو.

ئەگەر بڵێم نەگەڕایەوە، باوەڕ دەکەن؟

2

توند (خۆم) بەباوەشتەوە دەنووسێنم

خواحافیزی لە (خۆم) دەکەم.

3

ونم کردی

ئێستا چۆن بتوانم

ئەم هەموو ماسکە لابدەم

تا بتدۆزمەوە؟

5

گوڵ

باخ گوتوویەتی

منیش

تۆ.

6

کێ ئەم هەموو شتەی هەیە

من و تۆ

من و تۆمان هەیە.

7

لە خۆم دەنۆڕم

فەزای بینینم ناگاتە هەموو شوێنێک

واتە من خۆمم لێ دیار نییە

مادام جەستەی من کونکونە

پێم بڵێ :خۆت لە کامەیان مەڵاس داوە؟

# برگەی چەور

1_ئەو
1_بیرم دێ

2_وەک من
2_جارێکیان

3_بەدبەخت
3_هیوایەکی

4_بوو
4_هەبوو

# ژیان بە سمێڵەوە

دەمەوێ
لەبارەی ئەو شتەوە بنووسم
کە نیمە.
بۆ نموونە سمێڵ.

ئەو هەتاوەی
ئەو
لە ژێر سمێڵەوە هەڵدێ
سمێڵ
ئەگەر چەتر بێ
چەتر.
دەزانی چەتر چییە؟

وێنەیەک دەروێ
پیاوێک لەنێو شەمەندەفەر
دەروێ
سمێڵێکی بۆری پێوەیە
دەروێ
پێدەکەنێ.
تۆبڵێی من بم؟

دڵت بەچی خۆشە؟
لە ژێر هەر سمێڵێکدا،
ژنێک ئاوارەیی دەدا.

من سمێڵم هەیە و
گوڵ نییەتی.

حەزت لە شیعرە؟

سمێڵ باڵی پیاوانە

لەنێوان دەم و کەپوودا

پیاو فرین دەدا.

# مەرگی پێنجشەممان

لە ڕۆژنامە خوێندمەوە:
کە من مردووم
ئیتر
بە دوای تەرمی خۆمدا
دەگەڕێم
چاکترین جێگەش کێڵگەیە
کەس ناناسم لەوێ
باکم نییە
چێڵ و رووبار و گرد
دار و گژوگیا...
خزمی هەموو کەسن.

# نیگەرانی

## بە شێوەزاری کرمانجیی ژوورو

وەک ئەوەی تابووتێک بم؛

کاوێژ دەکەم
غڕەغڕێکم لێوە دێ

چەند پارچەتەختەیەک
دەکەونە خوارەوە

لام وایە
شتێکی کۆنە
کە دەبێ ئینسان

دەستی خۆی بگرێ
نەوەکوو لەناکاو بروا...

ڕۆیشتن پەرتبوونە

زانستی نوێ دەڵێ:
مرۆڤ کە لە ڕێگەدا دەروا
زەوی (تۆو) دەدا...

# ئاوابوونی مرۆڤ

ئەم کاولە خانووە
هەر کەسێک بە بەردەمیدا
گوزەر بکا
دەبێ بە هی ئەو
ئەو گوتی:
سرووشت مردووە
مردووە ئەوەی دەیانگوت:
ڕەشەمێ سەریەتی
سەریەتی
یان قاچی پێشەوەیەتی
بە ئاودا چووە؟

# گوڵ

بۆچی پیاوەکان لەجیات جگەرە،
گوڵ بە دەستیانەوە ناگرن؟

ئایا لەبەر ئەوەیە:
گوڵ ناخرێتە نێوان لێو و
تاکو مردن بەند ناکرێ؟

# موعتاد

# چەپ و ڕاست

له خەو هەڵدەستم

کەس دیار نییه

نه پاروه نانێکم بداتێ

نه باوەشێکی گەرم.

جانتاکەم له شان دەکەم

دوو ڕێگا

نا،

زیاتر هەن

بۆ دەربازبوون له ماڵەوە:

سەیری لای چەپ دەکەم
کابرا پیرەکەی دراوسێمان
بەرێ دەکەوێ
بۆ سەر گۆری ژنەکەی
دەسکێک گوڵی سووری
لە دواوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی داناوە.

سەیری لای ڕاست دەکەم
ئەو پیاوەی کە باوکمی کوشت
دوای ئەو هەموو ساڵە
تازە ماڵەکەی دەگوازێتەوە
ڕەنگە لە ترسی من بێ
(ئایا من ئەوەندە ترسناکم؟)
سەیرە
من تا ئێستەیش
پێوەندیم لەگەڵ نەپچراوە.

ئەی کەواتە ئەو چیتری دەوێ؟

بەو ریگایەی بەرابەرم دا
دەڕۆم.

ئەمرۆ دەمەوێ ئینسان بم
هەر بۆیە کتێب و دەفتەرەکانی خوێندنم
لەگەڵ خۆم هەڵنەگرت.

سەیری لای ڕاست دەکەم
کچۆڵەی جوانکیلە لە نێو قوتابخانەوە
تەنیا سەریان دیارە.

سەیری لای چەپ دەکەم
دەبینم ئێوارە داهاتووە
بەڵام من لە رۆیشتنی خۆمدا
بەردەوام دەبم.

# بەشی دووەمی دایکم

1

پێشتر وامدەزانی مریشک
منداڵی دایکمە

"ئاینی
نوێ
منداڵی
دایکمە"

2

ئەم سەردەمە ئی من نییە

"پێشتر
منداڵی
دایکمە"

3

لە ئاینی نوێدا نووسراوە؛
مرۆڤ سەریهەڵدا بێ هۆ

"ئەم
سەردەمە
منداڵی
دایکمە"

# مرۆڤێکم دیتەوە

1

لە ئابووریدا گوتراوە:

مەنجەڵێک شۆربا بەرامبەر مرۆڤێکە

"بەسەر دەموچاوەوە"

2

"دەمارە بۆ گایەک "یادەوەری

چڵکە

بەسەر دەموچاوەوە

3

لە تەیراوە جۆگەلەیەک" مرۆڤێکە"

دەمارە بۆ گایەک

# ڕۆژانە

ژوورەکەم پڕە لە کەلوپەل؛
ئامێری دوورمان، کاوەنتەر، مێزێکی گەورە،
چەند کورسی و مافورێک...
من لەم ژوورەدا بیردەکەمەوە،
سەرەڕای قورسایی ئەم کەلوپەلانەیش.

# لەساڵانی حەفتاکاندا

کور، یادەوەری، پەنجەرە
لە بەشی بیناسازی بوو
ئێواران دەچووە سەنابل
وێسکی و بیرەی دەخواردەوە
(من دەمەوێ هەندێک ڕستە دروستکەم،
لە نووسراوی سەر بتڵەشەرابەکان بچن.)
لە بن دووکەڵی جگەرەکاندا
شەمەندەفەرەکەی هەولێر
لە فیلمە ڕەش و سپییەکاندا.

لە شووشەبیرەیەکی فەریدە
شێوەی خۆی دەبینێ
بازنەیەک
ئەوەندەی ناوقەدی بە قایش دروست بکا
خواردنی ئێوارەی بخاتە ناویەوە
(ئەندام وەکوو ئەو زمانەیە
وا خەریکە دەمرێ.)
کە باران دەباری دەچووە دەرەوە و
خۆی بە هەڵمی پاقلەی سەر عەرەبانەکان
گەرمدەکردەوە.

لەودیو پەنجەرەوە
(ئەو پەنجەرە کراوانەیش کە برینن.)
موعتادەکانی بەسەر ماتۆرەکانەوە دەبینی
سەرخۆشەپیرەکانیش
بەدەم خواردنی گۆشتی برژاوەوە
کۆتربازەکان، کرێکارەئێرانییەکان،
کورەچەقۆبەدەستەکان...

ئەمانە بۆ ئەو گوڵوگوڵزار بوون.

لەودیو پەنجەرەوە
موعتادەکان بە سەر
سەرخۆشەپیرەکان بە دەم
کۆتربازەکان بە چەقۆ
گوڵوگوڵزار بوون.

بەڵام ئێستا
ڕووناکی بەر پەنجەرەی گرتووە.

# تێبینییەك لە بارەی ژیانمەوە

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
لەودیو پەنجەرەوە

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
لەودیو پەنجەرەوە
دووکەڵی رابردوو دەبینم

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
لەودیو پەنجەرەوە
دووکەڵی رابردوو دەبینم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە
دووکەڵی رابردوو دەبینم
لەودیو پەنجەرەوە

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە

دووکەڵی رابردوو دەبینم

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم

# ناشتنی گەڵای سنەوبەر

نیگەرانم بە کەوتنی چەند دڵۆپەباران و
خۆڵبارین بەسەر کاوبۆ نوێکەمدا. پەڵە پەڵەی
بازنەییی
مەلیک مەحموود لەسەر کراسەکەمدا.

ئەوەی باسی دەکەم ئۆتۆمۆبیلە. دوو دانە ڕۆژ لە من عاشقتر، بەڵام کێ دەزانێ ئەو درەختەی کە هەمیشە ناوی سنەوبەرە، دێتە پاییز؟

دەمەوێ بیسەلمێنم منیش حەز بە پاییز و باران دەکەم. منیش دەزانم پیاسە بکەم. کەچی شار تۆپەڵەڕەشی تەیرەئەبابیلەئاسام بۆ دەنێرێ. ئەو باڵندەیەی لە دروستکراوی کارگەکانی خۆمانە.

قادرمە دەپێچمەوە و هەڵی دەگرم بۆ هاوینی داهاتوو. شانیا دەڵێ: مامە ئەدی ئەمن چ بکەم؟ ئەتوو گورەکان ئاو بدە./ مامە هەموو گورەکان سۆرن؟ سۆر لە دیواریش بێ گورە.

جلوبەرگ لە هەموو لایەک دەوری داوم. من هەمیشە حەزم لە جلی سەوزە، بەڵام کە دەزانم پێڵاو نابێتە ڕەگ، مەمنوون دەبم بە سێبەری بنجەگیایەک. مامۆستای کشتوکاڵ دەڵێ: هەموو شۆڕشەکانمان هێندەی بنجەگیایەک سەوز نەبوو.